

# رەنگی شین بۆ جلوبەرگت هەڵبژێرە

چەند رەنگێك هەن كە دەكرێ سوودێكی گەورەیان لێ ببینرێ تاوەكو ببن بە رەنگی جلوبەرگ و بپۆشرێن، بەڵام هەموو رەنگێك هەمان ئەو بەهای جوانی و كارامەییەی نابێت لەوەی لە رەنگێكدا گەشاوە و رازاوە دەبێ، بۆیە دەتوانین هەر رەنگێك لەو رەنگانەی كە دیار و بەرچاو و باون لە بواری جلوبەرگدا، هەنگاوێكی شایستەمان بۆ بەدی دەبێ كاتێك لەسەرەتای هەڵبژاردنی هەر جلێكدا، رەنگەكە دەستنیشان بكەین و دواتر گرنگی بە شێواز و ستایلی جلەكە بدەین، كەچی لەلای هەندێك لە خانمان سەرەتا گرنگی بە ستایلەكە دەدەن، لەوەی چ جۆرە نەخش و هێلكاری بۆ كراوە، بەمەش پێچەوانەی هەڵبژاردنە لە بواری جوانكاریدا، چونكە لەسەرەتدا رەنگ دیاری دەكرێ و پاشان ستایلی جلەكە، ئەم لایەنەش بۆ جلی ئامادەنەكراوە، بەڵام بۆ جلی ئامادەكراو، دەبێ لە ستایلەكە بگەڕێن و دواتر ئەو رەنگەی دەتەوێ، دەتوانی داوای بكەی و كە لەسەر ئەو ستایل و رەنگە بۆت دەبێ، یەكێك لەو رەنگانەی لە هەردوو حاڵەتدا دیار و بەرچاوە و رەنگدانەوەی جوانیی خۆی هەیە، ئەویش رەنگی شینە، تاكە رەنگە لەگەڵ گشت جۆرەكانی جلوبەرگ خۆی دەگونجێنێ و جوانییەكی تایبەت و رازاوەشی هەیە.



# دوو ماكیاژی شیاو بۆ خانمانی بووك



به هەر شێوازێكی و ئامادەكارییەك لە ماكیاژدانان، هەنگاوێكی پێشوەختەی پێویستە لە هەڵبژاردنی ئەو شێوە ماكیاژەی كە لەگەڵ رووخسار یان رەنگی قژ یان جلوبەرگ رێكدەخرێت، چونكە ئەوەش بنچینەی هەنگاوەكانی جوانی دەبێ و لە كاتێكدا ماكیاژ كردنی لەگەڵ هەنگاوە سەرەتاییەكانی بواری جوانكارییە، لەو كاتەی خانمان خەریكی بۆنەیەكی گرنگ دەبن لە ژیانیان، یان بە شێوازێك پێویستیان بە نەخشاندنی ماكیاژێكی رازاوە و جوان دەبێ، بۆیە دەبێ بیرۆكەی سەرەتایی لەسەر شێوازەكە دابین بكەن، بە تایبەت لە رۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیری، لەو كاتەدا ماكیاژ دەبێ سەرەكیترین هەڵبژاردنەكانی ئەو خانمە بێت كە پێویستی پێیەتی، لە لایەكی دیكەشەوە رووخساری جوانی هەر خانمێكی بووك لە ماكیاژەكەی دەردەكەوێ و ئەمەش گرنگترین خاڵی جوانكارییە، لەم دوو جۆرە ماكیاژەی بووكدا، گرنگی دراوە بە یەك رەنگیی لە ماكیاژی ئەساس كە سەرتاپای رووخساری گرتۆتەوە، هەروەها بەكارهێنانی رەنگی سپیی بۆ پشت چاو، لێرەدا گونجاندنیان ئەنجام داوە لەگەڵ رەنگی جلی سپی بووك، تەنانەت رەنگی لێویش لە رەنگێكی كاڵە مەبەستی ئەوەش لە دەرخستنی زیاتری رەنگی ماكیاژەكەیە.

# دوو تەسریحەی جیاواز لە قژێکدا





ئەگەرچی شێوەی پێشەوەی تەسریحە گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە لە جوانیی قژی خانمان، بە هەمان شێوەش جوانییەکی رازاوە لە پشتەوەی قژ بەدی دەکرێ، چونکە هەردووکیان گرنگییان لە یەکتر کەمتر نییە و تەنانەت بە شێوازێکی تایبەت و رازاوە خۆیان دەگونجێنن، لە مۆدەکانی پێشووی تەسریحەی قژدا، زیاتر گرنگی بە پێشەوەی سەر یان دیمەنی پێشی تەسریحە دەدرا و دواوەی سەریش فەرامۆش دەکرا، لە کاتێك بیرۆکەی تازە دروست بوون لەوەی چۆن بتوانن سوود لە بەشی پشتەوەی سەریش وەربگرن تاوەکو هاوشێوەی بەشی پێشەوە بەشدار بێت لە رەنگدانەوەی جوانی لەسەر قژی خانمان، لە زۆربەی ئامادەکارانی بواری تەسریحە و شێوازەکانی قژدا، لەسەر ئەوە کۆکن کە شێوەی دانانی تەسریحە بۆ پێشەوە و دواوەی سەر دەبێ پێچەوانەبن، مەبەست لەوەش ئەگەر شێوەی تەسریحە لە پێشەوەی سەر سادە بوو، دەکرێ پشتەوەی سەر ئاڵۆز و تێکەڵ بێ، یان تەسریحەیەکی قەرەباڵغ و شێوەی جیاجیا لە خۆ بگرێ، لەوانە وەك : کەزی کردن – تێکەڵ کردن – هەڵگرتن و دانانەوە – تەڵ تەڵی کراوە – تەڵی بچووك و تێکهەڵکێش، مەبەستی ئەوەش لەوەدایە کە دوو تەسریحە لە قژێکدا هەبێ و زیاتریش سوود لە هەردوو بەشی جوانی پێشەوە و دواوەی قژ وەربگیرێت.



# ناسکیی جلوبەرگی نووستن لە وەرزی پاییزدا

جلوبەرگ یەکێکە لەو پێداویستییە گرنگانەی بۆ مرۆڤ لە گشت کات و شوێنێکدا، بە جۆرێك دەبێ ئەو جلە لەگەڵ ئەو کەشە گونجاو و شیاو بێ، لە کاتێکدا هەندێك لە خانمان ئەو لایەنە پشت گوێ دەخەن کە چۆن بتوانن جلەکانیان لە شوێن و کاتی گونجاوی خۆی بپۆشرێ، لێرەدا ئاماژە بۆ جلی خەوتن دەکەین، زۆریی لە شێوازی جلەکان خانمان تووشی دڵەڕاوکێ دەکات لەوەی چ جلێك شیاوی لەبەرکردنە، هەر شێوازێك تایبەتمەندیی و ناسکیی خۆی پێوە دیارە، بە گوێرەی مۆدە تازەکان بۆ جلی بەهار و بە تایبەت بۆ کاتی خەوتن و شەوانە، بیجامەی قوماش دەبێتە مۆدەیەکی سەرەکی بۆ ئەو وەرزە، چونکە جلێکە لە قوماش و لە سەرما و گەرما دەتپارێزێ، بەهۆی ئەوەی ئەو ماددەیەی لێ دروست کراوە بریتییە لە قوماش، ئەویش وەك پاشخانێك بەرگەی گەرمی و ساردی و گۆڕینی کەش و هەوا دەگرێت و لە ئەنجامیشدا پێست و جەستە دەپارێزێ، سەرەڕای ئەوەش جوانییەکی بەرچاوی هەیە، کاتێك بیجامە لە قوماش دەبێت وبەهۆی ئەوەی زیاتر لەسەر جەستە دەوەستێ و هەمان شێوەی جەستە و بە رازاوەتریش نیشان دەدات.








# دەستارِی بەردی لە کوردەواریدا



دەستارِیەکێکە لەو کەرەستانەی لە ژیانی کوردەواریدا سوودێکی گەورەیان لێ بینیوە بۆ هارِین و ئامادەکردنی چەندین خواردەمەنی وەك : ئـــارد و ســـاوار و برِووش و گەنمەکوتا و چەندین شـــتی دیکەش، ئەویش کاتێك دانەوێڵە وەك گەنم دەخرێتە ناو دەســـتارِ و دەبێ بە دەست بسوورِێندرێ و لەوکاتەش دانەوێڵەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو بەردەکە و لەگەڵ سوورِاندنی بەشی سەرەوەی دەستارِەکە، دانەوێڵەکـــەش ورد دەبێ یان بۆ هەر مەبەســـتێك بەکاربهێنرێ، دەستارِ لە (٢) بەشی سەرەکی پێکدێ، دوو پارچەیان بریتییە لە دوو بەردی شـــێوە بازنەیی کە لە کوردستان هەیە دوای چاککردن و تاشین و کە لەسەر یەکتر دادەنرێ و لە بەردەکەی ژێرەوە دارێك دادەنـــرێ و دەخرێتە ناو بەردەکە و بەردی ســـەرەوەش دەبێ کون بکرێ و ئەو دارەی کە لە ناوەرِاستی بەردی ژێرەوەیە پێیدەگوترێ (نێك) کە بە نێکە دەســـتارِ ناســـراوە و ئەو دارەی ســـەرەوەش کە بەردەکەی سەرەوە دەســـوورِێنێت پێیدەگوترێ دەسکی دەستارِ کە نزیکەی (٢٥) ســـەنتیمەتر دەبێ، هەمان شێوەی دەبێ بەردەکەی سەرەوە کون بکرێ و ئەویش ببرِێ، واتە هەردوو بەردە لەسەر یەکتر دادەنـــرێ و هەر یەکەیان کێشـــێکی زۆری هەیە، بە جۆرێك هەر شتێکی خواردن و ئەو جۆرە شتانە بکەوێتە نێوانیان وردی دەکات، ئەمەش بەپێی ژمارەی سوورِاندنی دەستارِەکەیە، زیاتر دەستارِ لە بەردی چیا دروســـت دەکرێ و پاش هێنانی بەردەکە دواتر کاری خۆشـــکردنی لەســـەر دەکرێ، تاوەکو دوو شێوەی هاوشێوە و وەکو یەك دەربچێ و لەسەر یەکتر دابنرێ و بسوورِێتەوە، دەستارِگێرِان کارێکی قورســـە و ماندووبوونی هەیە، هەر بۆیە زیاتر لە کەسێك کاری لەسەر دەستارِ کردووە یان بە هەرەوەزیی نێوان دوو یان زیاتر لە خانمێك یان ئافرەتێك کاری بۆ کراوە.



## بچووکترین و کورترین مرۆڤی جیهان

دوای چەندیـــن هەوڵـــدان بـــۆ دەستنیشـــان کردنـــی درێژترین و کورترین مرۆڤی جیهان، بەڵام هەر کاتێك کەســـێك هەڵدەبژێرن تاوەکو ناوی لـــە ژمـــارە پێوانەییەکاندا تۆمار بکرێ، لەناکاو کەســـێکی دیکە پەیدا دەبێ و دەبێتە کێبرِکێی نێوانیـــان، یەکێك کە بـــەم دواییە دەرکەوتـــووە بچووکتریـــن مرۆڤی جیهانـــە، پیاوێکی وڵاتـــی نیپاڵە و ناوی (نو هیرســـا)یە و تەمەنی (٧٣) ساڵە کەچی درێژیی باڵای تەنیا (٤١) ســـەنتیمەترە، پێشـــتر پیاوێکـــی تایوانی ئـــەو نازناوەی وەرگرتبـــوو، ئەویش درێژی (٥٤) سەنتیمەتر بووە، بەمەش دەکرێ لە دوای دەستنیشانکردنی بچووکترین وکورتتریـــن مرۆڤی جیهـــان، ئەو پیاوە نیپاڵیە دەبێـــت بۆ بردنەوەی نازناوەکە.



## پێڵاوە سەیرەکانی میریام فارس

دوای چەندین هەوڵدان بۆ دەستنیشـــان کردنی درێژترین و کورترین مرۆڤی جیهان، بەڵام هەر کاتێك کەسێك هەڵدەبژێرن تاوەکو ناوی لە ژمـــارە پێوانەییەکاندا تۆمار بکرێ، کەچی کەسێکی دیکە پەیدا دەبێ و دەبێتە کێبرِکێی نێوانیان، یەکێك کە بەم دواییە دەرکەوتووە و بچووکترین مرۆڤی جیهانە، ئەویش پیاوێکی وڵاتـــی نیپاڵە و ناوی (نو هیرســـا)یە و تەمەنی (٧٣) ســـاڵە کەچی درێژیی باڵای تەنیا (٤١) سەنتیمەترە و کە لە پێشـــوودا پیاوێکی تایوانی ئەو نازناوەی وەرگرتبوو، ئەویش درێژی (٥٤) ســـەنتیمەتر بـــووە، بەمەش دەکرێ لە دوای دەستنیشانکردنی بچووکترین وکورتترین مرۆڤی جیهان، ئەو پیاوە نیپاڵیە دەبێت بۆ بردنەوەی نازناوەکە.





# پاکترین و جوانترین رووبار و دەریاچە





هەمیشە گوتراوە کە ئاوی رووبار پاکترە لە ئاوی دەریا، بەهۆی ئەوەی ئاوی رووبار دەڕوات و جێگیر نییە بۆیە پاک دەبێتەوە، کەچی لە هەندێك شوێنی جیهان چەند دەریایەك هەن، ئاوەکانیان ئەوەندە سافە ناوەوەی دەریایەکە بە جوانی دەبینن، وەك دەریای (کوکا لۆکا) لە کۆلۆمبیا، هەروەها یەکێك لە پاکترین و سافترین ئاوی رووبار، رووباری (ڤیرازسکا) یە کە دەکەوێتە وڵاتی سویسرا، درێژیی ئەو رووبارە (٣٠) کیلۆمەترە کاتێك دەگاتە یەکتربڕی ئاوی دەریا و رووبارەکە، ئاوی ئەو رووبارە لە چەندین رەنگ و شێوەی جوان پێکدێ و لە کاتێکدا لە کۆتایی رووبارەکە دەریاچەیەکی بچووکی لێ دروست دەبێت، کە پلەی گەرمیی ئاوی ئەو شوێنە لەنێوان (٧ تا ١٠) پلەی سەدییە، بۆیە خەڵك و گەشتیارێکی زۆر سەردانی ئەو رووبارە دەکەن وکاتێکی خۆشی تیایدا بەسەر دەبەن.

# مەساج بە چەقۆ و تەورداس!

مەساج بریتییە لە کاری دەستی یان زانستێکی تازەی راهێنانی دەست و بیرۆکەیەکی تازە لە بواری باشتر کردنی تەندروستیی مرۆڤ لە رێگەی شێلان و هێنانەوە و چارەسەری بۆ چەندین گرفتی جەستە و چارەسەری سروشتی بۆ ئەندامانی جەستە تاوەکو بەم شێوەیە کاری خۆی بکات، سەرهەڵدانی ئەو کارە لەلایەن چینیەکانەوە بوو، کە بۆ نەریتی پێشووی خۆیان بووە و تەنانەت ئەمڕۆ لە دوو بواردا بەکاردەهێنرێ، یەکێکیان لە بواری پزیشکی و چارەسەری سرووشتی، ئەوەی دیکەش بۆ خۆشی و کات بەسەر بردن، بێگومان زانیومانە مەساج بە دەست کراوە و کاری شێلان دەکرێ، بەڵام یەکێك لەو مەساجە تازانەی بەم دواییە پەیدا بووە، ئەویش مەساجی بە چەقۆ و تەورداس و کەرەستەی تیژە بۆ پشت و چەندین شوێنی دیکەی جەستە، ئەم مەساجە بە بڕی (١٥) دۆلار دەکرێ و کە تایوانییەکان پێیانوایە چارەسەرێکی کاریگەرە و رەنگی داوەتەوە و کە لە وڵاتی تایوان ئەنجام دەدرێ.



# کوڵەباڵ یان فەرەنجی کوردەواری




دەست رەنگینی لە کوردەواری چەندین شێوەی هەبووە و تا ئەمڕۆش کاری لەم جۆرە بەردەوامە بۆ دروست کردنی بەرهەم و کەرستە و جلوبەرگ و شتی کەلەپوور و کوردەواری، یەکێك لەو کارە دەست رەنگینیانە بۆ دروست کردنی ئەو جلەیە کە لەسەر جلوبەرگی کوردی لەبەر دەکرێ یان لەگەڵ جلی دیکەدا دەپۆشرێ، ئەویش پێیدەڵێن: (کوڵەباڵ و فەرەنجی ) کە تەنیا لە خووریی بەرخ و یان لە پێستی گیانداران دروست دەکرێ، جلێکە کە خۆر کاری تێناکات و سەرما لێینادات و بە هاوینان فێنکە و بە زستانانیش گەرمە و بە دەست دروست دەکرێ و ئەوانەی کوڵەباڵ لەبەر دەکەن، زۆربەیان شوان و سەپان و جووتیارن و بە هاوینانیش لەبەر گەرمایی هاوین و لە زستانانیش لەبەر سەرما لەبەر دەکرا و کە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر نابێ، سەرەتا خووری بەرخ دەبێتە بەرگن و دواتریش دەپشکندرێ و هەلاج دەکرێ و ئامادە دەبێ بۆ ئەوەی بکرێتە کوڵەباڵ یان فەرەنجی، ئەمەش دوای ئەوەی بە چەند کارێکی بەستن و لوول دانی ئەو بەرگنەی بەرخ، تاوەکو جوان لەیەکتر گیر دەبێ و دەچێتە ناو یەکتر و وەك ئەوەی کەپس کرابێ، دواتریش کاری جوانکاریی سەر شانەکان ئەنجام دەدرێت و قۆڵەکانی دەبڕن ئینجا کاری دوورینی بۆ دەکرێ و ئامادە دەبێ بۆ لەبەر کردن.

## وتەی ناوداران



**- عەزیز نەسین دەڵێ :**

هەر کەسێك کە ئازاری ویژدان دەچێژێ دەبێ بەسەرهاتێکی خراپی بەسەر هاتبێ و بووبێتە هۆی سەخڵەتی کەسانی دیکە بەجۆرێك کە جگە لە پەشیمانی و داخ و خەفەت خواردن چارەیەکی دیکەی نەبێت.



## گوارەی مۆدێرن

کچان و خانمان، جوانترین ئێکسسوار و تۆقە و کەرەستەی جوان بە خۆیانەوە دەکەن، ئەو ئێکسسوارانەی کچان لە گوێچکەیان دەخەن، زیاتر لە زێڕ و زیو و پلاستیکە، کە ئەوانەش بە شێوەیەکی ستاندارد دروست دەکرێن و لە بازاڕەکاندا هەن، کەچی وادیارە لەلای ئەو کچەی لە وڵاتی هیندستان، حەزی بەو کەرەستە ستانداردانە نییە و لە خۆیەوە چەند کەرەستەیەکی بەکارهێناوە، کە قولابی جلوبەرگ و بورغییە، ئەمەش دەبێتە شتێکی سەیر لە بواری جوانکاریدا، هەمان هەستیشی هەیە کە گوارەی لە گوێچکەدا هەیە.

**ماناى خەون**

## تاریکی

**تاریکی: لەخەودا ڕێ ونکردن و سەرسووڕمانە، ئەگەر یەکێك دڵی ناخۆش بێت و لە خەودا ببینێ بەرەو خۆشی ڕێگە دەگرێ هەروەها ژیانی ڕۆشنایی بۆ دەبێ، یان تۆبە دەکات و لە کارو شتە خراپەکانی پەشیمان دەبێتەوە، ئەگەر لەزینداندا بێت بەردەدرێ، تاریکی مانای زوڵمە، کێ بچێتە تاریکی ئەو کەسە زوڵم دەکات، ئەوەی تاریکی ببینێ زوڵمی لێ دەکرێ لەوانەیە تاریکی مانای تاریکیی دڵ و چاو بێت، ئەگەر کەسێکی نابینا لە خەودا ببینێ چاوەکانی کوێر بووە، ئەوە چاك دەبێتەوە و ئەوەی کێشەیەکی گەورەی هەبێ، لە خەودا ڕووناکی ببینی لە کاتی تاریکی، چارەسەر بۆ کێشەکەی دەبێ**

## زاخــاوی مێشك

*** وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (بنار) بوو**



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بەپیت پڕ بکەرەوە کە لەکۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لەماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەکە جارانی خۆی بکەیتەوە و دەکات بە ٩)
- پیتی خانەکانی (٣+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (وشەیەکی دیکەی کورت بۆ (بێدەنگ بە)
- پیتی خانەکانی (٢+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (بەڵێ بە زمانی ئینگلیزی)
- پیتی خانەکانی (٣+٢)کۆ بکەیتەوە بە مانای (کچ یان ئافرەت یان ڕەگەزی مێ لە زمانی بادینی)



**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

ئامۆژگاری ئەوانەی لەبورجی تەرازوون کەڵکی هەیە بۆت، تارادەیەکی باش دڵخۆش دەبیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت سێ شەممەیە.



**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

لێرەوە لەبواری کارەوە پێشبینی هەندێك گۆڕانکاری بکە، لەلایەنی سۆزداریشەوە پێشکەوتنی باش بەدی دەکرێت و تا رادەیەکی باش دڵخۆش دەبیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی چوارشەممەیە.



**دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠**

بەهۆی کاریگەریی ئەستێرەکانەوە کەمێك دوو دڵیت، دڵەڕاوکێ باڵی بەسەرتدا دەکێشێ، بۆیە کەمێك ئارام بەو بەهیچ شێوەیەك سەرەڕۆیی نەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت یەك شەممەیە.




**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**

لەوانەیە نەگەیتە هیچ چارەسەریەك بۆ گیروگرفتەکەت، بەڵام گوێگرتن لەئامۆژگاریی ئەوانەی لەبورجی تەرازوون کەڵکی هەیە بۆت و قازانج دەکەیت، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی چوارشەممەیە.



**دووپشك ١٠/٢٣ - ١١/٢١**

وا باشترە ئەمڕۆ بیر لەجێبەجێکردنی پڕۆژەکان نە کەیتەوە، بەڵکو لەبری ئەوە هەوڵی پەیوەندیکردن لەگەڵ دۆستەکەت بدەو مێشکی خۆت کەمێك ساف بکە، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت ڕۆژی سێشەممەیە.



**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**

ڕەنگە هەندێك کێشەو ئاژاوە بەرەو ڕووت ببێتەوە. بۆیە پێویستە خۆڕاگر بیتء خۆشت لەگرفت و کێشەی خەڵکانی دیکە هەڵنەقوڵتێنی، خۆشترین ڕۆژی هەفتەت چوارشەممەیە

## وتــە

**- جوانترین زەردەخەنەکانی ئافرەت: زەردەخەنەیە بۆ خۆشەویستەکەی، کە خۆشەویستەکەی فێری خۆشەویستی دەکات و زەردەخەنەی بۆ منداڵەکەی. منداڵەکەش فێری مانای دایکایەتی دەکات.**

| ١٢ | ١١ | ١٠ | ٩ | ٨ | ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ■ | | | | | | | | ١ |
| | | | | | ■ | | | | ■ | | | ٢ |
| | | | | ■ | | | ■ | | | | | ٣ |
| | ■ | | | ■ | | | | | ■ | | | ٤ |
| | | | | | | | | | ■ | | | ٥ |
| | | | | ■ | | | | | ■ | | | ٦ |
| ■ | | ■ | | | | | ■ | | | | | ٧ |
| | | | | | | ■ | | | | | | ٨ |
| | | | ■ | | ■ | | | | ■ | | | ٩ |
| | | | | | | ■ | | ■ | | | | ١٠ |
| | ■ | | | | ■ | | | | | | | ١١ |
| | | | | | | | | | | ■ | ■ | ١٢ |

ئا: فەرهاد ئاژگەیی

## ئاسـۆیی:

١- گۆرەپانی یاری – ناوێکی کوڕانە.
٢- بـا لێ کردن – خەندە (پ)- شـاعرێکی کورد بوو.
٣- ڕاگواستن (پ) – ڕەگەزێکە – زرییۆش .
٤- نیـوەی گیان – گـولاو بەکرمانجی ژوروو – پیتێکی مۆسیقایە (پ).
٥- (قـوم) ناوقەدبـراو (پ) –پیـاوی رۆمانی و پێشەوایی بودیەکان.
٦- قژ (پ)- ناوێکی کچانە (پ) –کینە (ت).
٧- گەنم (ت) –ساوا.
٨- پێنج پیتی رەحیماوا – پێوەرێکی گەنمە (پ).
٩- نیوەی سامی – کەو (ت) – هێز (پ).
١٠- چوار بەئینگلیزی – مانگێکی هەتاوییە .
١١- ئاوازو گۆرانی (پ) – رەش.
١٢- چینی کرێکار .

## ستوونی:

١- دەزگای پێوەری دڵ .
٢- ناوی تەواوی پیرەمێردی شاعیر .
٣- وەکو یەك – باڵندەیەکە (پ).
٤- زایە لە – دووپیتی لار.
٥- روبار (پ) – لاواز – مانگێکە .
٦- جیایەکـی کوردسـتانە (پ) – بەشـێکە لەلەش.
٧- یانەیەکی ئیسپانی یە (پ).
٨- قۆری یان ئامرازێکی چا لێ نانە .
٩- گروپێکە لە سوپا – های (ت).
١٠-جۆرە ئۆتۆمبێلێکە (پ) – شارۆچکەیەکی کوردستانە .
١١- دین (ت) – چیرۆکێکی کۆنی کوردییە.
١٢- هێلی شـکاوە – شـارێکی کوردسـتانی باکورە.



## وێنە و بیر کردنەوە

- لەم وێنەیەدا چەند سـەربازێك هەن کـە خۆیان شـاردۆتەوە، هەوڵبدە بزانە چەند کەسن !

## یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان رێکبخەی ناوی خواردنێکی کوردەواری بۆ دەردەچێت :

ك ە ن و گ ت ە ا م

وەڵامی ژمارەی پێشوو : (کاروان)



## نوکتە


باوکێك بە مامۆسـتای کوڕەکەی خۆی دەڵێت : بەخوا مامۆستا، کوڕەکەم دەرنەچووە بـە تەمام بیخەمە مەکتەبی شەوانە، مامۆستاکەش دەڵێت: کوڕەکەت بە رۆژی روونـاك دەرناچێت، چۆن بە شەوی تاریك دەردەچێت.

یەکێـك لەنـاو کۆمەڵێـك خەڵك دانیشـتبوو، لـە خۆیەوە پرسـیارێکی کرد و هەموویانی سـەرقاڵ کرد بە بیر کردنەوە وگوتی: مرۆڤ بۆ گوێچکەی هەیە؟؟
هەر یەکە وەڵامێکی دایەوە و هی کەس راسـت نەبوو، دوایی پێیانگوت وەڵامە راسـتەکە چییە؟ ئەویش گوتی:مرۆڤ بۆیە گوێچکەی هەیە تاوەکو چاویلکەی لەسەر بوەستێ !



**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

لەوانەیە ئەمرۆ کارێکی چـاك بـکـەیـت و تێیدا سەرکەتوو بیت، یان گوێبیستی هەواڵێکی دڵخۆشکەر دەبیت و رەنگە دەستکەوتێکی ماددی باشیشت بەدەست بگات، خۆشترین رۆژی هەفتەت پێنج شەممەیە.



**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

ئـاگـاداری خۆتبەو لـەرووبـەڕووبـوونـەوە خۆت بە دوور بگرە، رەنگە لەبواری سۆزدارییەوە بەخۆتدا بچیتەوەو چەند بڕیارێکی گرنگ لەم بوارەدا بدەیت، خۆشترین رۆژی هەفتەت سێشەممەیە.




**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

ئەمرۆ کەمێك وەرس دەبیت، لەوانەیە لەبەڵێنێکیشت پەشیمان بیتەوە کەبەخۆشەویستەکەت داوە، بۆیە هەست بەئارامی و دەروون و ویژدانیت ناکەیت، خۆشترین رۆژی هەفتەت شەممەیە.



**گیسك ١٢/٢٢ - ١/١٩**

لـەبـواری ئـیـش و کاردا بەخت یاوەرتە، هەروەها پەیوەندیت لـەگـەڵ ئەندامانی خێزانەکەت و هاورێکانت زۆر باش دەبێت و هەست بەخۆشی و شادی دەکەیت، خۆشترین رۆژی هەفتەت رۆژی هەینییە.



**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**

زۆر ئـاگـاداری خـۆت بەو کۆنترۆڵی بـاری دەروونیشت بـەشـێـوەیـەکـی بـاش بکە، هەروەها بەدیبلۆماسیانە مامەڵە لەگەڵ دەوروبـەرەکـەت بـکە، خۆشترین رۆژی هەفتەت رۆژی شەممەیە.



**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**

ئەستێرەکان هاوکاریت دەکەن و بارودۆخی ژیانت ئـارام دەبێتـەوە، هـەروەهـا کاروبارەکانت بەرێکی بەرێوە دەچن، لەوانەیە مژدەیەکی خۆشت پێ بگات، خۆشترین رۆژت رۆژی شەممەیە.